


# قەڵەمێکی هۆشمەند
# مامۆستای منداڵانی سەرەتایی

زۆر جـــار بۆ من و رەنگە بۆ ئێوەش ئەو پرســـیارە هاتبێتە پێش، تۆ بڵێی تەکنەلۆژیای سەردەم هیچ کون و کەلەبەرێکی ژیان هەبێت، بیری لێنەکردبێتەوە، یـــان تۆ بڵێی لە داهاتوودا هەرچی ئەوەی لە خەیاڵماندا گوزەر دەکات ببێتە واقیعی، بە دیتنی ئەو پێنووســـە دیجیتالییە هیچ گومانێك نامێنێتەوە کە خەیاڵەکان وەراستی دەگەڕێن.

ئـــەو منداڵانەی تـــازە دەچنە قوتابخانە نازانـــن چونکە لە گەڵ نووســـین و خوێندنەوە رانەهاتوون، ماوەیەکی پێدەچێت تا مامۆستا یان فێرکارێك رایان بهێنێت کە چۆن بنووسن، قەڵەمی جۆری lernstif تەواو ئەرکی مامۆســـتا ئەنجام دەدات، وشـــە و هێڵـــەکان لە کاتی نووســـیندا کۆنتـــرۆڵ دەکات و هەرکاتێك کە قوتابییەکە تووشـــی هەڵەیەك بوو، دەست بە لەرزین دەکات وەك لەرزینـــی مۆبایـــل، قەڵەمەکە بە دوو شـــێوە کار دەکات، دەتوانێت وشـــە نووســـراوەکان لە بواری خۆشنووسییەوە و رێك دانانـــی پیتەکان و هەم لە بواری رێنووســـەوە کۆنترۆڵ بکات، گەر هەڵەی رێنووســـی هەبوو جارێك دەلەرزێت و گەر هەڵەی رێزمانیش هەبوو دووجار دەلەرزێت، دەتوانێت ئەوانەی بەکارهێنەر نووسیونی بۆ کۆمپیوتەر بگوازرێتەوە. تایبەتمەندییەکی دیکەی قەڵەمەکە ئەوەیە کە ئەوەی نووسیوتەوە دەکرێت لە هەوا ببیینی واتە دەکرێت لە هەواش پێبنووسیت کە لە تیشکێك دەچێت.



# ئیپسۆن و گۆڕانکاری له ته‌کنه‌لۆژیای پرینته‌ردا



پرینته‌ر یان چاپگه‌ر ئه‌و ئامێره‌یه که ده‌ق و دوكیۆمێنت و وێنه و هه‌ر شتێك له‌سه‌ر شاشه‌ی كۆمپیوته‌ر ببیندرێت ده‌یخاته سه‌ر كاغه‌ز و چاپی ده‌كات. پرینته‌ر له شێوازی كاركردنیاندا دوو جۆرن، دیسك جێت و له‌یزه‌ر جێت. پرینته‌ری دیسك جێت، به به‌راورد له‌گه‌ڵ پرینته‌ری له‌یزه‌ری خێرایی و كوالیتیان له خوارێیه.

له پرینته‌ری ره‌نگی دیسك جێتدا، كێشه‌ی گرانیی مه‌ره‌كه‌ب زۆر كێشه‌یه‌كی بنه‌ڕه‌تییه، جار هه‌یه مه‌ره‌كه‌به‌كان له پرینته‌ره‌كه گرانتر ده‌وه‌ستن، هه‌ربۆیه له‌م چه‌ند ساڵه‌دا له‌لای ئێمه و له زۆر شوێنی جیهانیش مه‌ره‌كه‌به‌كانیان پڕ ده‌كردنه‌وه، هه‌رچه‌نده تا راده‌یه‌ك خه‌رجی و تێچوونی مه‌ره‌كه‌بی كه‌مده‌كرده‌وه، به‌ڵام هێدی پرینته‌ره‌كه‌ی له درێژ ماوه‌دا تێكده‌دا.

كۆمپانیای ئیپسۆن بۆ چاره‌سه‌ری ئه‌م گرفته له‌م ماوه‌یه‌دا جۆرێك له پرینته‌ری نوێی به‌رهه‌م هێناوه كه به‌كارهێنه‌ر ده‌توانێت خۆی مه‌ره‌كه‌به‌كانی پڕ بكاته‌وه و ده‌كرێت به قوتو یان به شووشه مه‌ره‌كه‌بی بۆ بكڕی. پرینته‌ری L200ی كۆمپانیای ناوبراو له‌م جۆره پرینته‌رانه‌یه، كه له‌یه‌ك كاتدا سێ ئه‌ركی سكاینه‌ر و پرینته‌ر و فۆتۆكۆپی ئه‌نجام ده‌دات و پێویستی به كڕینی حیبریش نییه، به‌كارهێنه‌ر به ئاسانی پڕی ده‌كاته‌وه.

## ئامێرێک بۆ وه‌ڵامدانه‌وه‌ی که‌سی پشت ده‌رگا

زۆر جار هه‌یه له شیرینه خه‌ودایت یان خه‌ریكی كارێكی زۆر گرنگیت، یان له قاتی سه‌ره‌وه‌ی ماڵه‌وه‌ی یان به‌فر و باران ده‌بارێت و یان..تاد. زه‌نگی ده‌رگا لێده‌درێت، ئه‌وكاته ده‌بێ هه‌ڵبستیت ده‌رگاكه بكه‌یه‌وه.. هه‌رچه‌نده له‌مێژه زه‌نگی ده‌رگاكه‌ره‌وه‌ی ئۆتۆماتیكی و ئه‌لكترۆنی بوونیان هه‌یه، به‌ڵام ئامێری DoorBot له راستیدا كردار و تواناكه‌ی جیاوازه. ئامێری ناوبراو سوود له ته‌كنه‌لۆژیای Wi-fi وه‌رده‌گرێت و وزه‌ی خۆی له باترییه‌ك وه‌رده‌گرێت،كاركردنی ئامێره‌كه ئه‌وه‌یه كه له‌گه‌ڵ مۆبایل یان ته‌بلێته‌كه‌ت په‌یوه‌ند ده‌درێت و هه‌ربۆیه كاتێك میوانێكتان دێت نه ته‌نیا ده‌توانی له‌سه‌ر شاشه‌ی مۆبایله‌كه‌ت ببینی، به‌ڵكو ده‌توانیت قسه‌شی له‌گه‌ڵدا بكه‌یت، له‌راستیدا ده‌توانیت له‌هه‌ر شوێنێك بیت قسه له‌گه‌ڵ ئه‌و كه‌سه بكه‌یت كه له پشت ده‌رگاكه‌یه، هه‌ر به‌هۆی مۆبایله‌وه ده‌توانیت ده‌رگاكه دابخه‌یت یان بیكه‌یه‌وه، بۆ نموونه وای دابنێ كه ئێوه له ئیداره‌ن و میوانێك له ده‌رگای ماڵه‌وه ده‌دات، ئێوه به ئاسانی ده‌توانن هه‌ر له ئیداره‌كه را به‌هۆی مۆبایله‌كه‌ت قسه له‌گه‌ڵ میوانه‌كه بكه‌یت و ده‌رگاكه‌ی بۆ بكه‌یه‌وه.



## مۆبایلی ژیرۆک یان جویستیک؟



مۆبایله هۆشمه‌نده‌كان له‌م چه‌ند ساڵه‌ی دواییدا له په‌ره‌سه‌ندندان، ستایلی مۆبایله هۆشمه‌نده‌كان تا راده‌یه‌كی زۆر له یه‌ك ده‌چن، بۆ نموونه دیزاین و ستایلی مۆبایله هۆشمه‌نده‌كانی گالاكسی له‌گه‌ڵ ئایفۆن زۆر له‌یه‌ك ده‌چن، هه‌روه‌ها مۆبایله هۆشمه‌نده‌كانی نۆكیا و سۆنیش زۆر جیاوازییان نییه، به‌ڵام مۆبایلی هۆشمه‌ندی Joystick كه له‌لایه‌ن كۆمپانیای Noit به‌رهه‌م هاتووه، له راستیدا ده‌سكی گه‌مه‌ی پله‌یسته‌یشنه و گشت تایبه‌تمه‌ندیی مۆبایلی هۆشمه‌ندیشی هه‌یه. Jo- stick جگه له‌وه‌ی ئه‌ركه‌كانی مۆبایل ئه‌نجام ده‌دات، په‌یوه‌ندی وایه‌رله‌یسی Wi-Fi و بلوتوس و NFC هه‌یه و كاتێكیش كۆده‌كرێته‌وه به ئاسانی له ده‌ستتدا جێی ده‌بێته‌وه. كاتێك بۆلای سه‌ره‌وه ده‌یسوڕێنی شاشه و كیبۆرده‌كه‌ی ده‌رده‌كه‌وێت. مۆبایلی ناوبراو دوگمه‌ی ماوسیشی هه‌یه هه‌ربۆیه بۆ كۆنترۆڵ كردنی ته‌له‌ڤزیۆنه هۆشمه‌نده‌كانیش ده‌گونجێت و هه‌روه‌ها به‌هۆی كێبڵی HDه‌وه ده‌توانێت وێنه‌كان بۆ سه‌ر شاشه‌ی ته‌له‌ڤزیۆنیش بنێردرێت، هاردی مۆبایله‌كه 64 گیگابایته و كۆمپانیای به‌رهه‌مهێنی پێیوایه له‌نێوان مۆبایله هۆشمه‌نده‌كاندا باشترین كوالیتی ده‌نگی هه‌یه.




# Razer گۆڕانی جیدی لە تەبلێتی گەیمدا پێکهێنا

لە پێشانگای ساڵانەی CESی ئەمساڵدا کە تریکەی مانگێك لەمەوبەر لە شاری لاس و گاسی ئەمەریکا بەڕێوەچوو، وەك ساڵانی رابردوو دەیان ئامێری تایبەت بە یاری نمایش کران، لەم پێشانگای ئەمساڵەی CESدا کۆمپانیای Razer یەکێکە لـە کۆمپانیا سـەرکەوتووەکانی بەرهەمهێنی یاری ئەلکترۆنی، ئەمڕۆکە بە ناساندنی تەبلێتە نوێیەکەی لەم پێشانگایەدا سەرنجی زۆربەی ئامادەبووانی پێشانگاکەی راکێشا. تەبلێتی Edgae کۆمپانیای ناویراو ناکرێ بڵێن لە ریزی داهێنانە نوێیەکان دەچێت، چونکە ڤێرژنی ئەم تەبلێتە ساڵی رابردووش لەم کۆمپانیای پێشانگایەدا نیشاندرا. تەنیا پایەکەی تەبلێتەکە کۆمپیوتەرێکی تەواوە، چونکە سیستەمی Core i5ی کۆمپانیای ئەنتەلی لەسەرە، رامەکەی 4 گیگابایتە. هاردەکەی لە جۆری SSD یە کـە توانای خەزنکردنی 64 گیگابایتی هەیە. لەگەڵ تەبلێتەکە کۆمەڵێك ئامێری لاوەکی تایبەت بە تەبلێتەکە هەیە وەك داکی تایبەت، کیبۆردی تایبەت و ماوسی تایبەت بە تەبلێتەکە.



## سایتێک بۆ زانینی ئاستی خێرایی تایبکردن

دەڵێـن لە جیهانی وەرزشـدا راکردن، دایکی یان بنەمای گشت وەرزشێکە بەو مانایە کە هەر وەرزشێك بکەیت پێویستە لەسەرەتادا بە راکردن هەندێك خۆت گەرم دابهێنیت و بەر لە وەرزشـەکە جەستەت لەگـەڵ راکردن رابهێنیـت، لە جیهانی کۆمپیوتەریشدا تایپ بنەمای فێربوونی شـتەکانی دیکەیە، چونکە هەر ئەرکێك



بە کۆمپیوتـەر ئەنجام بدەیت، بۆ نموونە پرۆگرامێك بنووسـیت، دەبـێ هەزاران کۆد داخیل بکەیـت، یان ئەگەر بتەوێت ئەرکـی دیزاین یان گرافیکـی ئەنجام بدەیت دەبێ پەنجەکانت لەسـەر کیبۆرد رابهێنیت. زۆر پرۆگرام هەن بۆ فێرکردن و تاقیکردنـەوەی تایبکـردن. چەندین سـایتیش بۆ ئـەم مەبەسـتە دانداون. سـایتی http://10fastfingers.com لە ریزی سایتە سـەرکەوتووەکان دێت، چونکە بە هەر زمانێك کە مەبەستتە دەتوانیـت تاقیکاریـت لێوەربگرێت، بە کـوردی، عەرەبـی فارسـی، تەنانەت چینـی و ژاپۆنی و هـەر زمانێکی کە پێی دەنووسرێت.

## تەکنەلۆژیا بە فریای ئەوانە دێت کە شت لەبیر دەکەن




بەیانییەك لە خەو هەسـتاوی، هەرچەندە دەگەڕێی سویچی سەیارەکەت نادۆزییەوە، یان نازانی گۆرەوییەکانت لە کوێ داناون؟ یان هەر شـتێك کە لە ژیانی رۆژانەدا پێویسـتیت پێی دەبێت. یان تووشـی نەخۆشـی لەبیرچوونەوە واتە ئەلزایمەر هاتووی و زوو شـت لەبیر دەکەی، تەکنەلۆژیای StickNFind کە وەك لەزگەیەك دەچن یارمەتیدەرێکی باشـە، دەکرێت لەمەولا لە گۆرەوییەکەت هەتا دەگاتە کلیلەکانی ماڵەوە یان تەنانەت پشـیلە بچووکەکەشتان یەکێك لەو لەزگانەی لێبدەی. تاکو لە رێگای مۆبایلەکەتەوە بتوانی شوێنی دروستی ئەم شتە بزانی کە لەزگەکەت لێداوە.

لەزگە هۆشـمەندە بلوتوسییەکان لەگەڵ هەموو جۆرە مۆبایلێکی ئەندروید و ئایفۆن دەگونجێن، زۆر تەنکن، بەهۆی ئەوانەوە دەتوانیت هەر ئامێرێك لە دووری 30 مەتری خۆتەوە بدۆزییەوە، باتری بچووکی ئەم لەزگانە تا یەکساڵ دانابەزێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێك لـــە كورتەنامەیەكدا دەپرسـێت، ئایا چـۆن دەكرێت وێنەیەك بەكوالیتی HD یان full HD بە پرۆگرامی فۆتۆشـۆپ چێ بكەیت؟

خوێنـەری بەڕێز بەر لەهەموو شـتێك HD و هەروەها full HD فۆرماتی تایبەت بـە ڤیدیۆیی و فیلمـە و نەك وێنـە، ئەویش كوالیتی نیشاندان نەك چێكردن. HD كورتكـراوەی High Definition واتە سـەرووی ستاندارد. لە تەلەڤزیۆنە كۆنەكاندا كوالیتی نیشـاندان 480 هێڵـە، كەچی لـە HD دا دەگاتـە 1280 و لـە فـول HD دا دەگاتە 1920 هێـڵ.. كە وایە ئـەو فۆرماتانە هیچ پەیوەندییان بە وێنەوە نییە، هەروەها پرۆگرامی فۆتۆشۆپیش بـۆ دروسـتكردنی وێنـە نییە، بەڵكو بۆ گۆڕانكاریی پێكهێنان لەسـەر وێنەیە، یانی وێنەیەكت هەیە و بەهـۆی ئەو پرۆگرامەوە گۆڕانـكاری بەسـەردا دێنیت، ئەگـەر وێنەكـەت كوالیتی لە خوارێ بێت و سایزەكەی بچووك بێت، ئەوە گۆڕانكاریشی تێدا پێك بێنیت، هیچ لـە كوالیتییەكەی ناگۆڕدرێت.

## مۆبایلی NEC Medias W و ستایلێكی تایبەت



ژاپـۆن كـە وڵاتێكـی بەهێزی پیشەسـازییە، هەمیشە ئەو بەرهەمە تەكنەلۆژییانـەی كە لـەم وڵاتەدا بەرهەم هاتوون لە ریـزی یەكەمدا بوونە، بەبێ هیچ چەشنە ریكلامێك كە باس دێتە سەر تەكنەلۆژییەكانی وڵاتی ژاپۆن هەمیشـە باشترین كوالیتی، باشـترین سـتاندەری جیهانیـت بیردەكەوێتـەوە. لەم دواییـەدا كۆمپانیـای NTT DoGoMoی ژاپۆنـی مۆبایلێكی بەناوی NEC بەرهەم هێناوە كە خاوەنی دوو شاشـەی 4.3 ئینجییە. ستایلی مۆبایلی ناوبراو زۆر دەگمەنە و ناوازەیە، چونكە خاوەنی دوو شاشـەیە كە لـە پەنای یەكدان و پێكەوە شاشـەیەكی 5.6 ئینجی پێك دەهێنن. ئەوكاتەی پێویسـتت بە هەردوو شاشـەكە نەبوو، یەكێك لە شاشـەكان دەچێتە بن شاشەی دووەم و بەشێوەی سـكەیی دێتە دەرەوە. مۆبایلەكـە رامێكـی 1 گیگابایتـی و كامێرایەكـی 8 میگاپیكسیلی هەیە هاردەكەشی 16 گیگابایتە.

پرۆگرامـەكان لەو مۆبایلەدا دەكرێت لە هەر شاشـەیەكدا بە جیا بكرێنەوە ، هەروەها دەكرێت بەیەك شاشەش بكرێنەوە، كێشی مۆبایلەكە 183 گرامە.



## كیبۆردێكی رۆمانسی بە مەرەكەبی ئەلكترۆنییەوە



كیبۆرد لە جیهانی ئایتیدا رۆڵێكی گرنگ دەبینێت، چونكە گشـت ئەو فەرمانانـەی كە بەكارهێنەر لەگـەڵ كۆمپیوتەر یان مۆبایـل ئەنجامی دەدات بەهۆی كیبۆردەوەیە، هەرچەندە هەموو كیبۆردەكان یەك ئەرك ئەنجام دەدەن ئەویش پەیوەندی لەنێـوان بەكارهێنەر و ئامێرەكە جا مۆبایل یان كۆمپیوتەر بێت، بەڵام كیبۆردەكان لە سـتایل و دیزایندا جیاوازیان هەیە، بۆ نموونە ئەم كیبـۆردەی كە وێنەكەی لێرەدا دەبینـن. هەرچەندە ئەو كیبۆردانەی كە دوگمەكانیان شاشـەیەكی LCD بچووكە ماوەی چەند سـاڵێكە لە بـازاڕدا هەن، بەڵام ئەم نموونەیـان جیاوازە، چونكە ئەوانە لەبری شاشـەی LCD لە شاشـەی e-ink واتـە مەرەكەبی ئەلكترۆنی سـوود وەردەگـرن، ئـەوە بەو مانایـە دێت كە دەكرێـت بۆ هەر پرۆگرامێك گۆڕانكاری لە دوگمەكانیدا پێكبێنی و بۆ هەر پرۆگرامێك كیبۆردی تایبەتیـت هەبێت، بەمەش كاركردن لە پرۆگرامەكانی وەك فۆتۆشـۆپ، وۆرد یان پاوەرپۆینت زۆر ئاسـانتر دەبێت، جگە لـەوەش دەكرێت بۆ هەر زمانێك كیبۆردێكی تایبەت دابنێی واتە دوگمەكان بەپێی ئەو زمانە بگۆڕی.